www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/1/12 ژمارە (5190)
خەبات

دەزگای خێرخوازیی بارزانی و Benevolent Hands کۆبوونەوە

شاندێکی رێکخراوی Benevolent Hands بەمەبەستی ئاشنابوون و هەماهەنگی و چۆنێتی هاوکاریکردنی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان، سەردانی بارەگای سەرەکی دەزگای خێرخوازیی بارزانیان کرد لە شاری هەولێر.

شاندێکی رێکخراوی Benevolent Hands پێکهاتوو لە بەڕێزان "مها ئەلزراری سەرۆکی رێکخراوەکە و ناهوکو تاکاتوو سەردانی دەزگای خێرخوازیی بارزانییان کرد لەلایەن بەڕێز موسا ئەحمەد جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانییەوە پێشوازییان لێکرا.

لەدیدارەکەدا، موسا ئەحمەد جێگری سەرۆکی دەزگا تیشکی خستە سەر پوختەیەک لە کارو چالاکییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ئاوارەکانی عێراق و ئامادەیی بە زەروورەتی هاوکاریکردنی زیاترو بەهاناوەچوونی خێرای ئاوارەکان کردەوە داوایکرد، رێکخراوە جیهانی و کۆمەکبەخشەکان هەماهەنگی بکەن لەڕووی دابینکردنی کەرەستەو پێداویستیە خۆراکی و ناخۆراکییەکان بۆ ئاوارەکانی شاری نەینەوا. جێگای ئاماژەیە رێکخراوی Benevolent Handsبەمەبستی زیاتر ئاشنابوون و هەماهەنگی سەردانی دەزگای خێرخوازیی بارزانییان کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ یارمەتی و هاوکارییکردنی ئاوارەکانی مووسڵ دەوروبەری دەربڕی، شاندی میوان کارەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانیان لە ئاستی هاوکاریکردنی ئاوارە و پەنابەران بەرز نرخاند.

هەولێر... کۆبوونەوەی هاوبەشی لاوانی کوردستان بەڕێوەچوو

دوێنێ لە شار هەولێر کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان نوێنەرانی بەشێک لە رێکخراوەکانی باکوور و باشوور و رۆژئاوای کوردستان بەڕێوەچوو. شایەنی باسە کۆبونەوەکە بە بەشدار یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە باشور و تەڤگەرا جوانێن کورد و یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان لە رۆژئاوا و تەڤگەرا جوانێن کوردستانێ لە باکووری کوردستان کۆبونەوەکە بەڕێوەچوو. تیایدا گفتوگۆ و گەنگەشەیەکی ورد و بابەتیانە سەبارەت بەدۆخی لاوانی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان کرا. لە کۆبونەوەکەدا پلان دانرا بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک پرۆژە و چالاکی کە ئامانج لێی خزمەتکردنی لاوانی کوردستانە بێ لە بەرچاوگرتنی جیاوازی ڕەگەز و ئایین و ئایدیا و بیری سیاسی.

لە میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک چەند مۆڵگەیەکی چەکدارانی داعش خاپوور کرا

بەرەبەیانی دوێنێ، لە هەڵمەتێکدا تواندرا مۆڵگە و حەشارگەکانی تیرۆریستانی داعش لە میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک لەلایان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان فرۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان تێک بشکێنرێت. کەمال کەرکوکی بەرپرسی میحوەری پێنجی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە سنووری ڕۆژئاوای شاری کەرکووک لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوە گوتی: تیرۆریستانی داعش وەکو هەمیشە پێش ئەوەی هێرش بکەنە سەر هێزەکانمان لە میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک تێکشکێندران و لەناو بران. کەمال کەرکوکی گوتیشی ماوەیەکە تیرۆریستانی داعش لە میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک لە سنووری گوندی (مەنسوریە)دەستیان کرد بوو بە جموجۆڵ، تیمەکانی هەواڵگری میحوەر و تیمی هاوپەیمانان و ژوری عەملیات و پێشمەرگە سەربەرزەکانی کوردستان ,لە چاودێری جولانەوەکانی تیرۆریستان بەردەوام بوون. تاکو شوێنی جولانەوەکانیان و مۆڵگەکانیان دەستنیشان کرد، ڕۆژی چوارشەمەیش کاتژمێر 9 سەرلەبەیانی بەهاوکاری فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە سەر بنەمای ئەو زانیاریانەی پێیان درابوو توانییان 5 پێنج جار تیرۆریستان و مۆڵگەکانیان بە سەختی بۆردومان بکەن و پێنج مۆڵگەیانیان بەتەواوەتی تێک بدرێن و زیان و زەرەییان پێ بگەیەنن. کەرکووکی گووتیشی بەپێی ئەو زانیاری سەرەتایی کە پێمان گەیشتووە هەمەرێکی مینرێژکراو و شۆفڵێکی درەکراو و ژمارەیەک تیرۆریستی داعش و لە ناویاندا ژمارەیەک خۆکوژ کوژراون و لاشەکەنیان لەو ناوە بەجێماوە جگە لە برینداربوونی دەیانی دیکە.

وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت: کوردستان بۆتە نموونەی پێگەوە ژیانی سەرجەم ئایینەکان لەناوچەکە

خەبات ـ ئاری ڕەمەزان:

دوێنێ لە دیوانی وەزارەت دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت پێشوازی لە شاندێکی لێژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستان کرد. شاندی میوان پێک هاتبوون لە شێخ سیراجەدین سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف و چەند ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان کە کریستیانن کرد. تیایدا ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان تەئکیدیان لەسەر گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئایینی کردەوە هەروەها ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی بۆ خوشک و برا مەسیحیەکان گونجاو لەبار نییە، بە بەراورد لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە بۆتە پەناگەی کریستییانەکانی عێراق و جیهان و سەرجەم ئایین و ئایینزاکان شاندی میوان لە دانیشتنەکەدا چەند خاڵێکییان پێشنیاز کرد بۆ زیاتر خزمەت بەڕەوتی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان و گرنگیدانی زیاتر بە لایەنە هەستیارە، لەلایەن خۆشیەوە دکتۆر پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە میژووی پێکەوە ژیان لە کوردستان میژوویەکی دوور و درێژی هەیە و ساڵ لەدوای ساڵیش زیاتر ئەو پەیوەندییە تووندوتوڵتر کراوە و زیاتر گرنگی پێدراوە بەتایبەت دوای ئەوەی کورد خۆی توانی ئیدارەی ناوچەکە بکات و جەنابی سەرۆکی هەرێمیش کە سەرچاوەی ئەو یاسایەیە و ئەولەویەتی داوە بە لایەنی پێکەوە ژیانی ئارام لەنێوان سەرجەم ئایینەکان لە هەرێمەکەمان کە بۆتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی ولاتان و بۆتە نموونە بۆ ولاتانی دیکە. لەلایەکی دیکەشەوە شۆرشەکانی کوردستان بەردەوام کاریان کردوە بۆ لێبوردەیی پێکەوە ژیان بۆ ئەمەش خەڵکی کوردستان خاوەنی سەروەرییە و هەروەها تیشکی خستە سەر هەوڵ و هەنگاوەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ زیاتر خزمەت کردنی خوشک و برا کریستییانەکان و سەرجەم پێکهاتە ئایینیەکانی کوردستان و تەئکیدی لەسەر پێکەوە ژیان لە کوردستان کردەوە و دڵنیایی پاراستنی پیرۆزییەکانیشی پێدان.

ئاگاداری

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین ئەمڕۆ 2017/1/12 پرسەی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر د. خالید سەعید تۆفیق بۆ ماوەی ڕۆژێک لە کاتژمێر 2-4 لە مزگەوتی ڕەشاد موفتی دەگێڕێت.

وەزارەتی دارایی بەمەبەستی وەرگرتنی فۆڕم خانەنشینان ئاگادار دەکاتەوە

لە ڕاگەیاندراوێکدا کە وێنەیەک بۆ ڕۆژنامەی خەبات نێدراوە وەزارەتی دارایی و ئابووری خانەنشینان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی یەکان خانەنشین هەولێر / 1و هەولێر/ 2کە دەکاتە ناو سەنتەر شار هەولێر و دەوروبەر، لە ماوە 2017/1/15 تا 2017/2/15 سەردان بەڕێوەبەرایەتی یەکان خانەنشین بکەن، بە مەبەست وەرگرتن فۆرم بایۆمەتر تایبەت بە مووچەکانیان، وە پێویستە ناسنامە بار شارستانیان فسفۆر بێت یان کارت نشیتیمانیان هەبێت.

دەزگای خێرخوازیی بارزانی و خاچی سووری عێراقی کۆبوونەوە

بەمەبەستی تاوتوێکردنی ڕەوشی ئاوارەکان بەتایبەتی ئاوارەکانی شەڕی مووسڵ کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر و جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و سەرۆکی کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاجی سور و نوێنەرانی خاجی سووری عێراقی لە شاری هەولێر ئەنجامدرا.

کۆبوونەوەیەک بە ئامادەبوونی هەریەک لە بەڕێزان موسا ئەحمەد جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، پیتەر ماورەر سەرۆکی کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاجی سور و یاسین مەعموری بەڕێوەبەری خاچی سووری عێراقی ئەنجامدرا.

لەو کۆبونەوەیەدا موسا ئەحمەد جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕوونا کی خستەسەر ئەو کارئاسانی و یارمەتییانەی کە دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەرانیان کردووە، بەتایبەتی لە ڕووی ئاسایش و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و ئاو و کارەبا و پەروەردەوە، ئاماژەی بەوەشکرد: بە هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ ئاوارە و پەنابەران کرد و ئامانجی یارمەتییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ بەشداربوانی کۆبوونەوەکە ڕوونکردەوە.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا جێگری سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی داوای لە سەرۆکی کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاجی سور کرد کە هاوکاری زیاتر بگەیەنێتە ئاوارە و پەنابەرەکان و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ڕێی پەیوەندییەکانیانەوە هەوڵبدرێت پێداویستی زیاتر بۆ ئاوارەکان و پەنابەرەکانی نیشتەجێی کەمپەکانی هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنرێت.

لە کۆبونەوەکەدا بە گرینگ زاندرا کە هاوکاری زیاتر بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکانی شەری داعش دابینکربکرێت و دەرفەتی ئەوە بۆ خەڵکەکە بڕەخسێندرێت کە لە ناوچەکانی خۆیان بێننەوە و دڕێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن.

پیرمام... پێشانگاکەیەکی شێوەکاری تایبەت بە ئافرەتان لە ژێر ناوی «لەیلا قاسم» کرایەوە

خەبات ـ سەفەر یوسف:

لە هۆڵ کتێبخانە شارۆچکەی پیرمام بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئیداری و سیاسی و لە شکر و ئافرەتان و هونەردۆستان کە ئەنجوومەن ئافرەتان پیرمام هەستا بەکردنەوە پیشانگایەک لە ژێر ناوی لەیلا قاسم بۆ شێوەکار سەعادەت موسا شێروانی کە لە پیشانگاکە چەندین تابلۆی نمایش کرابوون. خاتوو سەروین شەریف سەلیم بەرپرس ئەنجوومەن ئافرەتان پیرمام لەبارە پیشانگایەکە بۆ ڕۆژنامە خەبات دوا: بەبۆنە یاد دامەزراندن یەکێتی ڕووبەکەوە کە خزمەت دەکات و هەروەها دید کۆمەڵگا بەارمبەر ئافرەت بۆیە جێگا دەستخۆشیە کە قوتابییەکی زانکۆیەک بە هۆنەر و شێوەکاری بتوان هەست ئافرەتان کوردستان هەستاین بەکردنەوەی پیشانگا شێوەکار بۆ شێوەکار قوتاب زانکۆ سەعادەت موسا شێروان کە ئێدا تابلۆکان گوزارشتیان لە ژیانی ئافرەتەکان دەکرد لە هەموو پیشانگایەک دەربڕ. تێیدا ئامادەبووان دەستخۆشیان لە شێوەکارەکە کرد. شایان باسە شێوەکار چەندین پێشانگا تایبەت لە ناوچەکان کوردستان کردۆتەوە.

ئەمڕۆ زانکۆی سەلاحەدین ڕێزەسمێکی ڕێزلێنان بۆ د. عەبدوڵلا غەفور سازدەکات

ئەمڕۆ پێنج شەممە، کاتژمێر 11ی پێش نیوەڕۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین لە ئاهەنگێکی شایستەدا ڕێزەسمی ڕێزلێنان بۆ جوگرافیاناس دکتۆر عبدوڵلا غەفور ئیسماعیل لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین ساز دەکات.

لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا دوو ئافرەت گیان لەدەست دەدەن

خەبات ـ فاتیح بەرزنجی: ئێوارەی شەوی ڕابردوو، پۆلیس ئاگادارکرانەوە بەبوونی ڕووداوێکی هاتووچۆ لەشەقامی هەولێر کەرکووک نزیک بەشی ناوخۆیی شەهید شەوکەت، دوای گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداو دەرکەوت کەوا دوو ئۆتۆمبێل لە جۆری ئۆپتراو ئەڤیۆ خۆیان پێکدا داوە و لەئەنجامدا لەنێو هەردوو ئۆتۆمبێلەکەدا دوو سەرنشین کە هەردووکیان ئافرەتن گیانیان لەدەستداوە بەناوەکانی (ن.ح)، (ب.ع). شایەنی باسە دۆسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە لەلایەن پۆلیس کرایەوە.